مەزارگەی حوسەینیەی پیرۆز بریاریدا چارەسەرکردنی بریندارانی قائیم و عەکاشات بە بەرامبەر لەنەخۆشخانەکانی چارەسەر بکرێن

ئەمڕۆ یەکشەممە" بریاردەری شەرعی مەزارگەی پیرۆزی حوسەینیەی پیرۆز"شێخ عەبدولمەهدی کەربەلائی" ڕێنمایدا کە بریندارانی بەردومانەکەی ئەمریکا بۆ سەر ناوچەی قائیم و عەکاشات بەبێ بەرامبەر لە نەخۆشخانەکانی سەر بە مەزارگەی پیرۆز حوسەینی چارەسەر بکرێن .

"ئەحمەد ڕەسول فەرحان "سەرۆکی بەشی شەهیدان و بریندارا ن لە مەزارگەی ئیمام حوسەین، لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند:- شێخ عەبدولمەهدی کەربەلائی بەیاردەری شەرعی،ڕێنماییداوە کە ئەوانەی کە لە بەردومانەکەی ئەم دوایییەی ئەمریکا بۆ سەر شارەکانی قائیم و عەکاشات لە پارێزگای ئەنبار بریندار بوون،پێشوازییان لێبکرێت و بە بەرامبەر لە نەخۆشخانەکانی سەر بە مەزارگەی پیرۆزی حوسەینی چارەسەر بکرێن